# کارو پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی بەردەڕەش بەپێی خواست

## هاووڵاتیان:

### خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و تەندروستی و ئاوەڕۆ پشتگوێ خراون

## قایمقامی بەردەڕەش:

### باوەڕ ناکەم هیچ شوێنێک لە ڕووی کەمی خزمەتگوزاری وەکو بەردەڕەش فەرامۆش کرابێت

بەردەڕەش لەساڵی ١٨٩٠ کراوەتە ناحیەو لە ٢٠٠٧ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە بە قەزا و ناحیەکانی ( کەڵەك و دارەتوو رۆڤیا و ١٠٥ گوند لەخۆدەگرێت، کە تەنها ٢ گوندی ئاوەدان نەکراونەتەوە و ٢٥گوندی سنووری ناحیەی کەڵەکیش بەپێی ماددەی ١٤٠مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت). ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە زیاتر لە ١٢٦ هەزار کەسە، بەردەڕەش ڕووبەرێکی یەکجار فراوانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری هەیە، هەر بۆیە لە(٧٥٪)ی خەڵکی ناوچەکە بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، ئەمە لەکاتێکدا وەزارەتی کشتوکاڵ بەوتەی خەڵکەکە زۆر کەمتەرخەمەو هیچ پرۆژەیەکی کشتوکاڵی و ئاودێری لەو سنوورەدا ئەنجام نەداوە . ئەم قەزایە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسەر شاری موسڵ بووە و بەپێی پێویست گرنگی پێ نەدراوە، ئێستاکەش بەهۆی هاتنی ئاوارەیەکی زۆرەوە کە لەپارێزگای موسڵەوە روویان لەناو سەنتەری بەردەڕەش کردووە تا دێت ژمارەی دانیشتوانی بەردەڕەش روو لە زیادبوون دەکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەو ئاوارانە ناتوانن فۆرمی ئازووقەیان بخەنە سەر قەزاکە. لەماوەی ٥ ساڵی ڕابردووشدا سنووری شارەوانی سەنتەری قەزاکە زۆر فراوان بووە لەبەرامبەردا کارو خزمەتگوزارییەکان بەسستی بەڕێوەدەچن، بۆیە هاووڵاتییان گلەیی و گازندەیان لە نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان گەیشتینە (سەنتەری قەزای بەردەڕەش) تاوەکو لەنزیکەوە گوێ لە داواکاری و خواستەکانی هاوڵاتییانی بەردەڕەش بگرین، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك لە ناوچەو گەڕەکەکانی بەردەڕەشمان بەسەرکردەوەو چەند هاوڵاتییەکمان دواند لە گەڕەکەکانی (ئازادی و کەمئەندامان و مەعروف و پۆتیناوەو وەلیداوەو شێوەڕەش و شەهیدان و شۆڕش و خێڵەکیەکان)، خەڵکی لەو گەڕەکانە گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆریان هەبوو بەتایبەت لەبواری کەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

**تەنها لە١١٪ی کۆڵان و شەقامەکان قیرتاو و کۆنکرێت کراوە**


**کەموکورتی یەکجار زۆر لەکەرتی تەندروستی هەیە**

**کێشەیەکی زۆری زەوی کشتوکاڵی و زێدەڕۆیی هەیە**



# ـــتی خەڵکەکە نییە و پێویستی بەئاوڕلێدانەوە هەیە









سەردار شێخ یەحیا قایمقامی قەزای بەردەڕش



## کۆڵان و شەقامەکان قوڕو لیتەن و پرۆژەکانی شارەوانی لەئاست پێویستدا نین

### خراپی خزمەتگوزارییەکان و خەمی خەڵك

لە گەڕەکی وەلیداوە هاووڵاتی ڕەمەزان شەریف باسی لەبێسەروبەری کۆڵان و شەقامەکان و نەبوونی ئاوەڕۆ کرد لەمبارەیەوە وتی: (لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی لە پشتگوێخستنی قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانمان بێزاربووین، گەڕەکەکەمان لەرووی خزمەتگوزارییەوە زۆر فەرامۆشکراوەو لە وەرزی زستاندا زۆربەی کۆڵانەکان قوڕو لیتەن و بەزەحمەت هاتوچۆی تێدا دەکرێت..)، ئەم هاوڵاتییە گرفتی کەمی ئاویخواردنەوەشی هەبوو بەوەی ڕۆژانە تەنها ١-٢ کاتژمێر ئاوی ماڵەکانیان دێتەوە و کە لەگەڵ بوونی کێشەی کارەباو شکاندنی مۆلیدەی گەڕەك گرفتی بێئاوییەکە زیاتر دەبێت.

قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی بەردەڕەش لەگرفتە سەرەکیەکانی هاوڵاتییانە هەر لەمبارەیەوە لە گەڕەکی پۆتیناوە کۆمەڵێك ئافرەت بەسەر ئۆتۆمبێلێکی پیکاب ڕاوەستابوون سەوزەو میوەیان دەکڕی و لێمان پرسین کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکانتان لەم گەڕەکە چییە، خاوەنی پیکابەکە لەبری ئەو خاتوونانە کە ناوی شیمال حوسێن بوو وتی: ئەو گەڕەکەو چەندین گەڕەکی تر کە لەیەکتر نزیکن وەکو (ئازادی و مەعروف و کەمئەندامان و ٧٣٠ و پۆتیناوە) هیچ کارو پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ نەکراوە بە تایبەتی قیرتاوو کۆنکرێت کردنی کۆڵان و شەقامەکان. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لەهاووڵاتییانی ئەو گەڕەکە نەبوونی ئاوەڕۆیان بەیەکێك لە گەورەترین گرفتەکان دانا، چونکە نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە وایکردووە ببێتە هۆکاری تووشبوون و بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی، غوربەت عەبدوڵڵا لە گەڕەکی شێوەڕەش سەبارەت بەم گرفتە وتی: لەبەر نەبوونی ئاوەڕۆ ئەو گەڕەکە سەرتاپای قوڕو لیتەو بێسەروبەرییە، ئەوەی خەڵکی ئەم گەڕەکەو زۆربەی گەڕەکەکانی تری بێزارکردووە بە تایبەتی لە هاویندا بۆنی ناخۆشی ئاوی پیس و ئاوەڕۆیە، چونکە ئەو گەڕەکانە هیچیان

> **خەڵکی بەردەڕەش ئومێدیان هەیە لەکابینەی حەوتەمدا کەموکوڕییەکانی قەزاکەیان چارەسەر بکرێت**

کارو پرۆژەی ئاوەڕۆیان بۆ ئەنجام نەدراوە، هەندێ کۆڵانیشی هەیە لەبەر تاسەو کەندو کۆسپ و جڵکاو ناتوانی لێی دەربچیت. هەروەها سیروان حەمەد هاووڵاتییەکی تری ئەو شارە لەسەر کەموکوڕییەکان هاتە دوان و وتی: لەلایەنی خزمەتگوزارییەکانەوە زۆر بێسەروبەرین و نازانین هانا بۆ کوێ ببەین، چونکە تا ئێستا کەس خەمی لەو شارۆچکەیە نەخواردووە، هەروەها وەکو گەنجێکیش گلەیی و گازندەمان زۆرە لەبەر ئەوەی لە کاتی پشوو و بۆ مومارەسەکردنی ژیان و ئاسوودەیی هیچ پارك و کافتریاو سەنتەرو شوێنێك شك نابەین ڕووی تێ بکەین. کۆکردنەوەی زبڵو خاشاك و فڕێدان و چارەسەرکردنی گرفتێکی تری بەردەڕەشە حەسەن عەبدولقادر کرێکارێکی پاککردنەوەی زبڵوخاشاکە وتی: کەمی و دواکەوتنی مووچەی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایەی کە بەردەڕەش پاك دەکاتەوە یەکێکە لەگرفتەکانمان، چونکە کارەکەمان قورسەو زۆربەی جاریش زۆر



کەس هەیە بە ئارەزووی خۆیان زبڵوپاشماوەی ماڵەکانیان فڕێدەدەنە ناو کۆڵان و سەر شۆستەو شەقامەکان، هەروەها لەبازاڕی شارۆچکەکە هاووڵاتییەك بە ناوی حاجی سەعد وتی: بەردەڕەش شارۆچکەیەکی کۆنە لە کاتی خۆی و ئێستاش بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی بوارە خزمەتگوزارییەکان هیچ گرنگییەکی پێ نەدراوە و دەتوانم بڵێم لەبیرکراوە یا فەرامۆشکراوە، نەبوونی شەقام و ئاوەڕۆ وایکردووە هەرکاتێك لە وەرزی زستان و باران بارین لە چەندین شەقام و ناو کۆڵان و گەڕەکەکان ئاو پەنگ دەخواتەوە و شارەکە پیس و ناشرین و بێسەروبەر کردووە. هاوڵاتی ڕازیە سدیقیش پێی وابوو: پەردەڕەش لەگوندێکی گەورە دەچێت و بێ خزمەتگوزاری هەر گەورە دەبێت، بۆیە پێویستە مشورێکی بەپەلەی بخورێت و ئاوڕێکی جیدی لەم شارە بدرێتەوە.

هەر سەبارەت بەکەموکورتیەکان بەتایبەتی لە هەردوو بواری پەروەردەو تەندروستیەوە حوسێن مەحمود وتی: کەموکوڕییەکی زۆر لە هەردوو بواری پەروەردەو تەندروستی لە سەنتەری بەردەڕەش و قەزاکە هەیە هەر بۆیە قوتابخانەکانی سەنتەری قەزا زۆربەی دوو یا سێ دەوامین و نزیکەی ٤٠ قوتابی بەیەکەوە لە یەك پۆلدان، کێشەی نەبوونی میلاکات بە تایبەتی مامۆستای وانە زانستییەکانیان هەیە. لەرووی تەندروستیشەوە بارودۆخەکەمان زۆر خراپە و پزیشك و ئامێرەکانی پشکنینمان نییە و ئەگەر هەبێتیش دەڵێن کەس نییە کاری لەسەر بکات، هەروەها پزیشکی ئافرەتان و لە دایکبوونیشمان نییە بۆیە لە کاتی لەدایکبوون و پشکنین و چارەسەر بۆ ئافرەتانمان دەبێت ڕوو لە هەولێر یا دهۆك بکەین.

گرفتی ئەو خێزانانەی لەموسڵەوە ئاوارەی ئەم شارە بوون و پسوولەی ئازوقەیان سەر بەو پارێزگایەیە یەکێك لەو گرفتانەی رووبەرووی ژمارەیەك خێزان بووەتەوە بەتایبەتی کە باس لە ئاوارەبوون و نیشتەجێبوونی ٣٢٠٠ خێزان دەکرێت، سەبارەت بەم گرفتە هاوڵاتی کەریم برایم لە گەڕەکی پۆتیناوە وتی: ئێمەو ئەو خێزانانەی کە لە شاری موسڵەوە هاتووین کێشەی سووتەمەنیمان هەیە و ئەمساڵ تەنیا یەك بەرمیل نەوتمان وەرگرتووە، تەنانەت بەهۆی ئەم گرفتەوە کە پسوولەی ئازووقەمان لەسەر موسڵە چەندین کێشەی ترمان بۆ دروست بووە. لەلایەکی ترەوە بارودۆخی گوندەکانیش لەرووی خزمەتگوزارییەوە لەئاستێکی باشدا نییە، لەمبارەیەوە رزگار نازم وتی: ئاستی خزمەتگوزاری گوندەکانی ناحیەکانی سنوورەکە بە تایبەتی ڕۆڤیا و دارەتوو لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە زۆر خراپە بە تایبەتی ڕێگای نێوان بەردەڕەش و دارەتوو و گوندەکانی سنووری ناحیەی دارەتوو وەکو گوندی زمزمۆك و دووکەندانی گەورەو بچووك، ئەم هاوڵاتییە زیاتریش وتی : ڕێگاوبانی گوندەکان بەشێوەیەك خراپن لەهەندێك گوند زۆر بە زەحمەتی دەتوانین هاتوچۆی پێدا بکەین.

**ئەگەر سەیری ناو گەڕەك و كۆڵانەكان بكەین دەبینیـــن زۆر بواری خزمەتگوزاری فەرامۆش كــراوە و لەلایــەن هاوڵاتیانیشـــەوە گلەیی و نارەزایـــی لێكەوتۆتــەوە، بــۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە ســەردانی قایمقامیەتی قەزاكەمان كردوو چەند پرســیارێكمان ئاراستەی سەردار شـــێخ یەحیا قایمقامی نوێی بـــەردەڕەش كرد كە ماوەیەكی كەمە دەســتبەكاربووە، پوختەی وەڵامەكانی لێرەدا بڵاودەكەینەوە.**

### ٣٢٠٠خێزانی ئاوارە بێ خزمەتگوزارین

سەرەتا قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: لە ناو سەنتەری شارۆچكەی بەردەڕەش و سنوورەكەی زیاتر لە ٣٢٠٠ خێزانی ئاوارەی موسڵ هەیە و نەتوانراوە بەپێی پێویست هاوكاری و خزمەت بكرێن و ســاڵانە بڕێكی كەم ســووتەمەنییان پــێ دەدرێت، كە ئەمە یەكێكە لە گرفتە پێش چاوەكان بە تایبەتی لــەم وەرزەدا، هەروەها لە لایەنــی شــوێنی نیشــتەجێبوونەوە نەتوانراوە خزمەت بكرێن، بەڵكو هەر ئەو خێزانانە لەسەر زۆر لە ســنووری قەزاكە هەیــە، هەر چەندە دەزانین بوونی بەردەڕەش بە قەزا و دوو ناحیەی تازە (دارەتوو و ڕۆڤیا) و بوونی ٢٥فەرمانگە دیاری و دەستكەوتێكی گەورەبوو بۆ خەڵكەكە، بـــەڵام ئەوانەش هەر هەمـــووی كارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری دەوێت، ئەو بودجەیەشی كە بۆ قەزاكـــە تەرخان دەكرێت زۆر كەمە و گلەیی و گازندەی خەڵكیش لە ئاستێكی یەكجار زۆرە. هەروەها ژمارەیەك گوندمان هەیە كە نزیكەی ٢٥ گوندە لەسنووری ماددەی ١٤٠ ە بەتایبەت هەندێك گوندی سەر بەناحیەی كەڵەك كە تەنها هاریكاری و پڕۆژەكانیان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای جەنابی پارێزگاری دهۆكەوە بۆیان ئەنجامدراوە، ئەمەش بــێ جیاوازی لەنێــوان گوندەكان كە دانیشتووانی لەكوردو عەرەب پێكهاتوون و چەند پڕۆژەیەكــی ڕێگاوبان و ڕاكێشــانی كارەبایان بۆ جێبەجێ كراوە، ئەمــە لەكاتێكدا بودجەیان ســەر بە پارێزگای نەینەوایە، ئومێدمان زۆرە لە كابینەی حەوتەمــی حكومەتدا بەڕێز كاك



نێچیرڤـــان بارزانـــی بودجەیەكـــی تایبەت بۆ ناوچە دابڕێنـــراوەكان و بەردەڕەش دابین بكات تاوەكو لەو ڕێگایەوە بتوانین خزمەت بگەیەنینە هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە.

توانای ئیمكانیاتی خۆیان خانوویان كڕیووە یا لە خانووی كرێ دانیشتوون، هەروەها ژمارەیەكی بەرچاویش خەڵك لە سنووری قەزای بەردەڕەش بەپێی ماددەی ١٤٠مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت، كە ئەمانەش چەندین كێشەیان هەیە، لەلایەكی تر هەردوو جۆرە خەڵكەكە چ ئەوانەی ئاوارەی موســڵن چ ئەوانەی لەســـەر ماددەی ١٤٠ن پســـوولەی خۆراكیان لەسەر قەزای بەردەڕەش نییـــە هەر بۆیە لـــە دیاریكردنـــی بودجە بۆ قەزاكە ئەوانە حیساب ناكرێن لە لایەكی تریش پێویســـتیان بە كارو پڕۆژەی خزمەتگوزاریی هەیـــە، بۆیە لێرەدا دەڵێم مـــاوەی زیاتر لە دوو ســـاڵە قەزای بـــەردەڕەش و ســـنوورەكەی لە تەرخانكردنـــی بڕی بودجەدا غەدرێكی زۆر و گـــەورەی لێكراوە، چونكە ئەو كارو پڕۆژانەی لە ســـنووری قەزای بەردەڕەش پێشكەش كراوە زۆر كەمە و داواكاری و پێداویســـتی خەڵكیش زۆر لەمـــە زیاتـــرە، بۆیە ئێســـتاكە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە كەموكوڕی و گرفتی یەكجار

### نەبوونی ماستەرپلان و كێشەی زەوی

ســـەبارەت بەماستەرپلان و كێشەو گرفتەكانی وەكو كوژاندنەوەو زێدەڕۆیی قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: بەبەردەوام ســـەنتەری قەزاكە و ناحیەكانـــی فراوان دەبن ئەمـــە لەكاتێكدا ماســـتەرپلانمان نییە، گەرچی لە پارێزگای دهۆك ئیش لەسەر ئەوە دەكەن كە ماستەرپلان بۆ بەردەڕەش دروست بكەن، لەگەڵ ئەمەش دا ئێستا ٦شارەوانی لە سنووری قەزای بەردەڕەش هەیە كە نەخشەی بنەڕەتییان لەژێر دەستدایە و كارو ئیش و پڕۆژەكان بەوە پێیە ئەنجام دەدەن. سەرەڕای ئەوەش لە سنووری قەزای بەردەڕەش كێشەیەكی زۆری زەوی هەیە، چونكە هەندێك لە زەوییـــەكان بەتایبەتی ئەوانـــەی موڵكن خاوەنەكانیان لە دەرەوەی ســـنووری قەزاكە یا

**وەزارەتی كشتوكاڵ بەردەڕەشی فەرامۆشكردووە لەكاتێكدا لە(٧٥٪)ی خەڵكی ناوچەكە بەكاری كشتوكاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریكن**

لە دەرەوەی وڵات نیشـــتەجێن، بەڵام لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە هەوڵ و كۆشـــش هەیە بۆ ئـــەوەی خاوەنی ئەو زەوییانـــە بێن بەپێی یاســـا زەوییەكانیان بفرۆشـــن بۆ ئەوەی ئەو خەڵكەی لە سنوورەكە نیشتەجێن سوودمەندبن و كاری لەســـەر بكەن، لەگەڵ ئەمەش دا لە كاتی كوژاندنەوەی زەویدا ئەگەر خاوەن زەوی ئامادە نەبێت ئەوە كێشەمان بۆ دروست دەبێت، لەلایەكـــی تر ئـــەو زەوییە كشـــتوكاڵییانەی گرێبەســـتن لە كاتی بەر سنووری شارەوانی دەكەون لەو كاتەشـــدا بـــە تایبەتی لە كاتی قەرەبووكردنەوەی خاوەنەكانی كێشەو گرفتمان بۆ دێتە پێش. هاوكات لە ناو سەنتەری قەزای بەردەڕەش كێشـــەی زێدەڕۆیی یەكجار زۆرە و ناحیەكانـــی دارەتوو و ڕۆڤیا كەپێشـــتر گوند بوون لەوێش هەمان كێشە هەیە، بۆ تاپۆكردنی ئەو زێدەڕۆیانە بەســـەر خاوەنەكانیان چەندین جار داواكاریمان پێشـــكەش بەلایەنی پەیوەندار كردووە تاوەكو بتوانین نەخشـــەو پلانێكیان بۆ دابڕێژین و خزمەتگوزارییەكانیان پێشـــكەش بكەین، چونكە بەداخەوە وەزارەتی شـــارەوانی قبـــوڵ نـــاكات ئەو گـــەڕەك و شـــوێنانەی لەناو ســـنووری شـــارەوانی نەبێت، تەنانەت ئەگـــەر زێدەڕۆیی تێدا بێـــت كارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناكرێت، ئەمەش كێشـــەیە و وەكو واقیعیش ڕووبـــەڕووی ئێمە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵكەكە داوای كارو پڕۆژەكانی خزمەتگوزاری دەكات، ئەمەو كێشەیەكی تری زۆر گەورەو مەترسیدار هەیە ئەویش ئەوەیە كە هێڵێكی كارەبای١٣٣كەی ڤی بە ناو گەڕەكی ٧٣٠دا دەڕوات و پێویستە هێڵەكە بگوازرێتەوە، چونكە ناتوانین ئەو ژمارە زۆرەی خانووانەی لەژێر ئەو هێڵەدایـــە بڕووخێنین و قەرەبوویان بكەینەوە. لێرەدا داواكارین وەزارەتی كارەبا ئەو هێڵەمان بۆ بگوازنـــەوە، تاوەكو بتوانین كارو پڕۆژەی خزمەتگـــوزاری لەو گەڕەكە ئەنجام بدەین.

**ڕێگای نێوان گوندەكان و سەنتەری قەزاكە لە ئاستێكی زۆر نزم و خراپدایە**

## گەڕەكەكانی (ئازادی و مەعروف و كەمئەندامان و ٧٣٠ و پۆتیناوە) هیچ كارو پڕۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ نەكراوە

### كۆڵان و شەقامەكان قیرتاوو كۆنكرێت نین

سەبارەت بە پڕۆژەی قیرتاو و كۆنكریت كردنی كۆڵان و شەقامەكان كە زۆربەی خەڵكی لە ناو سـەنتەری قەزاكە گلەیی و گازندەیان هەیە؛ قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: لە سەنتەری قـەزای بەردەڕەش وەكو سـنووری شـارەوانی كەمتر لە١١٪ی كۆڵان و شـەقامی گەڕەك و ناو شـارۆچكەكە قیرتاو و كۆنكرێت كراوە و لە ناحیەكانی رۆڤیاو دارەتووش ڕێژەكە بۆ لە٥٪ ە كەم دەكات، ئەوەش ڕێژەیەكی زۆر نزمە و نەك لە ئاستی قەزا و ناحیەكاندا نییە، بەڵكو لە ئاستی شارەدێی و كۆمەڵگایەكیشـدا نییە، لەمبارەوە ئێمەش زۆر لە خەڵكەكە زیاتر گلەیی دەكەین و داواكاری و گلەییەكانیش ڕووبەڕووی وەزارەتی شـارەوانی دەكەینەوە، ئەمـە كەمتەرخەمی و فەرامۆشـكردنێكە كە بەپلەی یەكەم وەزارەتی شارەوانی و پلاندانان لێی بەرپرسیارن و لەپاشان ئێمە وەكو قایمقامیەت و لایەنی تری پەیوەندار، دەبێت گلەیی و گازنـدەو داواكاری خەڵكەكە بەهەند وەربگریـن و بەخێراترین ماوە بەرنامەو پلانی بـۆ دابنێین و لێـرەدا داواكارم وەزارەتی پلاندانان لـە بودجـەی ٢٠١٢دا پلانی خۆی تۆكمەتر بكات و چاوبخشێنێتەوە بەم شوێنانەی هاوشێوەی قەزای بەردەڕەشن، كە پێداویستییەكی یەكجار زۆریـان بە پڕۆژەی خزمەتگوزارییە بە تایبەتـی پڕۆژەی قیرتـاو و كۆنكرێت كردنی شەقام و كۆڵانەكانی ناو گەڕەك و شارۆچكەكە، باوەڕ ناكەم هیچ شـوێنێك لـە ڕووی كەمی خزمەتگـوزاری لە هەرێمی كوردسـتان وەكو قەزای بەردەڕەش خراپ بێت.

### وەزارەتەكان كەمترین بودجەیان بۆ قەزای بەردەڕەش تەرخان كردووە

سـەبارەت بەو بودجەی لەبەردەسـت هەیە كە دەتوانن لەم ڕێگایـەوە هەندێك لە كەموكوڕی خزمەتگوزارییەكان پێ چارەسەر بكەن قایمقامی قەزای بـەردەڕەش وتی: ئـەو بودجەیەی كە لەبەردەسـتایەو تەنیا ئومێـدی ئێمەیە ئەویش تەنیا بودجەی گەشـەپێدانی پارێزگای دهۆكە و لـە بودجەی ٢٠١١بۆ ٢٠١٢ئەو بڕەی بۆمان دابینكرابوو بەپێی ژمارەی دانیشـتوان لەبەشی خۆمـان زیاتر بوو ئەمەش بـە هەوڵ و توانای پارێزگاری دهۆك بوو، بـەڵام لێرەدا لە وەزیرو وەزارەتەكانـی هەرێم دەپرسـم بۆچی بودجەی وەزارەتەكان بۆ قەزای بەردەڕەش نایەت؟

### نەبوونی ئاوەڕۆ

سەبارەت بە گرفت و كەمی ئاوەڕۆ و كاریگەری لەسەر شارۆچكەكە قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: منیش هاوڕام لەگەڵ هاوڵاتیانی قەزاكە بەوەی سـەنتەری قەزای بەردەڕەش گوندێكی گەورەیە و سـیما و ڕووخساری شارەوانی پێوە دیـار نییە، چونكە بە شـێوازێكی زۆر خێراو بەرفـراوان ڕووی لە گەشـەكردن كردووە كە ئێمـەش ناتوانین كۆنترۆڵـی بكەین، ئەگەر بێتوو بودجەیەكی تایبەت بۆ قەزای بەردەڕەش تەرخـان نەكرێت، ئەم گرفتانـە هەر دەمێنێ، یەكێكیش لەو كەموكوڕیانە نەبوونی ئاوەڕۆیە كـە كاریگەری خراپی لەسـەر پیسـبوونی شارۆچكەكە هەیە.

### فڕێدانی زبڵوخاشاك

سـەبارەت بە كۆكردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك و دامەزراندنـی كارگـەی ڕیسـایكلین لە سنوورەكەدا قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: ئێسـتاكە پاككردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاكی قەزای بـەردەڕەش دراوە بـە كۆمپانیایەك و ڕۆژانە بە ئیشـوكارەكانی هەڵدەسـتێت و من

**بەردەڕەش خاوەنی زێیەكی گەورەیە بەڵام غەسالەكانی چقڵ و لم تێكیانداوە چونكە كەرتی گەشتیاری خۆی نەكردۆتە خاوەنی**

وەكو قایمقام لە ئیشوكارەكانی ئەو كۆمپانیایە ڕازیم، بەڵام لە شـارەوانی ڕازی نیم، ئەوەش گوناهی شـارەوانیەكەمان نییە، چونكە تواناو ئیمكانیاتیـان نییـە و گوناهەكە بۆ وەزارەتی شارەوانی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئامێرەكان كـەم و كۆنن، هەروەهـا شـارەوانی بودجەو سـلفەیەكی باشیان لەبەردەسـتدا نییە تاوەكو بتوانی هەندێ كار هەیە بەخێرایی ڕاپەڕێنێت، هـاوكات شـارەوانی قەزاكەمـان فەرمانبەر و كارمەنـدو كرێـكاری كەمـە و ژمارەی كارمەنـدو كرێكارەكانیان لە ئاسـتی قەزادا نییەو ئـەو كرێكارانە كە لە كۆمپانیاكەش كار دەكـەن موچەكەیان زۆر بـاش نییە و لەگەڵ پێداویسـتی و گرانی بازاڕ ناگونجێت، بۆیە لێرەدا دووبارەی دەكەمەوە ئایا وەزارەتەكان وەكو قەزا یا ناحیە سەیری بەردەڕەش دەكەن، ئەگەر وەكو قەزا سەیری بەردەڕەش بكرێت ئەوە دەبێت بەجیددی و بە بودجەیەكی باش بێن ئەو هەموو كەموكوڕی خزمەتگوزاریانە چارەسەر بكەن.

### ڕێگای نێوان دارەتوو سەنتەری قەزا

سـەبارەت بە كەموكـوڕی خزمەتگوزاری لە گونـدەكان و خراپی تـۆڕی ڕێگاوبانی نێوان گوندەكان قایمقامی قـەزای بەردەڕەش وتی: گوندەكانی سـنووری قەزاكە لە ڕووی ئاو و كارەباوە تا ڕادەیەك باشن، بەڵام زەقترین كێشەو خزمەتگوزاری كە لە سـنوورەكەدا زۆر خراپ و بێسەروبەرە تۆڕی ڕێگاوبانی سنوورەكەیە بە تایبەتـی لە نێوان گونـدەكان و نێوان ناحیەی دارەتـوو و سـەنتەری قەزاكە كـە ژمارەیەك گوندی گەورەی لەسەرە ئەو ڕێگایە نەك قیرتاو نەكـراوە بەڵكو زۆر بـەرزی و نزمی تێدایە و تەنیا چەوڕێژكراوە بە شێوەیەكی زۆر سەرەتایی بۆیە بەردەوام چاككردنی پێویستە، بەشێوەیەكی تر ڕێگای نێوان گوندەكان و سەنتەری قەزاكە لە ئاسـتێكی زۆر نـزم و خراپدایە، هەر بۆیە خەڵكی ئـەو گوندانـە زۆر گلەیی دەكەن و بیزاربوون، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لە راكێشـانی ڕێگاوبانەكان بۆ ئەو گوندانەی سـنوورمان كە كەمترین گوند لـە ١٠٠ خێزانی تێدا نیشـتەجێیە، گوندمان هەیـە ١٠٠٠ مـاڵ لەخۆدەگرێـت كەچی لەخزمەتگوزاری بێبەشن. شارۆجگەی بەنێنان كە شارەوانی لێیە كەچی هیچ ڕێگایەكی نییە لەسەنتەری قەزاكەوە بچێتە ئەو شارۆجگەیە.

### سێ دەوامی لەقوتابخانەكان

لەبـەردەڕەش تا دێت ژمـارەی قوتابیان روو لەزیادبـوون دەكات بـەڵام هەروەكو هاوڵاتییان گلەییان هەبوو كە كەرتی پەروەردە لەسنوورەكەیان پشـتگوێ خراوە قایمقامـی قەزاكەش هەمان بۆچوونی هەبـوو لەمبارەیەوە وتی : گەرچی وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێكی لەم ناوچەیە داوەتەوە ئەوەتا لەسـەنتەری رۆڤیـا قوتابخانەیەكی١٨ پۆلی لەژێر جێبەجێكردندایە، بەڵام گرفتەكانی پـەروەردە هەر چارەسـەر نەبووە، بـۆ نموونە سـەنتەری ناحیەی كەڵەك كە زیاتر لە ٧٥٠٠ كەسی تێدا نیشـتەجێیە كەچی قوتابخانەیەكی ١٨ پۆلییان نییە، هەر لەبەر ئەم كێشانە تا ئێستا سێ دەوامی لەقوتابخانەكانی ئەم سنوورە ماوە و لەڕووی مامۆستاشەوە كێشەمان هەیە بەتایبەتی دوای ئـەوەی خەڵكانێكمـان لـە دهۆكەوە بۆ دامـەزرا لەكاتێكـدا لـەڕووی جوگرافیـاوە قەزاكەمان لەسـەنتەری ئەو پارێزگایە دوورە، بۆیـە خەڵكی بێ رەزامەندی دێنە بەردەڕەش و بەبەردەوام مۆڵـەت وەردەگرن و گلەییان هەیە، چارەسـەركردنی ئـەم كێشـەیە بەدامەزرانی خەڵكی بەردەڕەشـە یا بەدروستكردنی خانووی نیشتەجێبوونە كە وادەكات مامۆستاكان هانبدرێن و لێرە خزمەت بكەن.

**لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە كەموكوڕی و گرفتی یەكجار زۆر لە سنووری قەزاكە هەیە**

### کەموکورتی زۆر لەکەرتی تەندروستی هەیە

سەبارەت بەکەموکورییەکانی کەرتی تەندروستیش قایمقامی بەردەڕەش وتی : لەسەردانێکی مەیدانیدا بۆ بنکە تەندروستییەکان ئەو راستییەم بۆ دەرکەوت کە کەموکورتی یەکجار زۆر لەکەرتی تەندروستی هەیە تەنانەت جگە لە٢ دکتۆری ددان دکتۆر لەسنووری بەردەڕەش نییە، لەقەزایەکی وا گەورەدا چۆن دەبێت پزیشکێکی ئافرەتمان بۆ دانەمەزرێنن، ئافرەتێکی دووگیان کاتێك پێویستی بە پزیشکە دەبێت لەماڵەوە مامان هاوکاری بکات، لەلایەکی ترەوە ئامێری سۆنارمان هەیە کەچی کەس نییە بەکاریبهێنێت، وەزارەتی تەندروستی بیری نەکردۆتەوە لەسنووری ناوچەیەك کە ١٢٠ هەزار کەسی لێ نیشتەجێیە یەك دکتۆری سۆنەرمان بۆ دابنێت، لەبواری دەرمانیش کێشەی دەرمانمان هەیەو بڕەکەی کەمە تەنانەت دەرمانەکانمان لەرووی ماوەی کاتی بەسەرچوونەوە تەنیا مانگێکی ماوەو لەرووی کوالێتیشەوە بەپێی وتەی کادیرە تەندروستییەکان کوالێتی باشیان نییە، هەروەها نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوومان نییە و بڕیاری بۆ دەرچوو بەڵام لەبەر ئەو گۆڕمە کەمەی بۆی دانرابوو هیچ بەڵێندەرێك ئامادەنەبوو ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدات.

### سایلۆ لەبەردەڕەش نییەو کەرتی کشتوکاڵ فەرامۆشکراوە

بەردەرەش بەناوچەیەکی کشتوکاڵی دادەنرێت ئەمە لەکاتێکدا کەمترین پرۆژەی کشتوکاڵی تێیدا ئەنجامدراوە سەبارەت بەکەموکورییەکان و داواکاری خەڵکی ناوچەکە قایمقامی بەردەڕەش وتی: بەحوکمی ئەوەی ٣٩٩ هەزار دۆنم لە سنووری بەردەڕەش هەیە کە بەکەڵکی چاندن دێت و خەڵکێکی زۆر چاوی لەوەزارەتی کشتوکاڵە تاوەکو پرۆژەو خزمەتگوزاری لەبواری کشتوکاڵەوە بۆ دابین بکات، ئێستا گلەیی خەڵکی لەبواری گرانی سوتەمەنی و سلفەی کشتوکاڵی و کێشەی زەوی و زار زۆرە، پێویستە وەزارەتی پلاندانان بەرنامەی جیدی بۆ ئەو ناوچانەی کشتوکاڵین دابنێت و پاڵپشتیان زیاتر بکات، نەك بارودۆخەکە وەکو ئێستا بێت کە یەك سایلۆ لەسنووری قەزاکەمان نییە، نەبوونی سایلۆش بۆ کەمتەرخەمی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەگەڕێتەوە کە بەڵێنیانداوە سایلۆیەکمان بۆ دابمەزرێنن کەچی تا ئێستا ئەنجام نەدراوە، جێی داخیشە هیچ کارگەیەك لەناوچەکەمان نییە. سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاودێری بەهەمانشێوە هیچ پرۆژەیەکی ئاودێریش لەسنوورەکەمان ئەنجام نەدراوە. بۆیە من دەڵێم وەزارەتی کشتوکاڵ کەمتەرخەمە لەم رووەوە، لەبواری ئاژەڵداریش بەهەمانشێوە لەسنوورەکەمان تەنیا یەك بنکەی بەیتەرەمان هەیە لەناحیەکانیش هیچ بنکەیەکی بەیتەرییە نییە، بنکەی کشتوکاڵ لە ناحیەی رۆڤیا کە فەرمانی دەرچووبوو بەڵام لەبەر نەبوونی ئۆتۆمبێلێك ئەو بنکەیە نەکرایەوە.

**ئەوانەی لەموسڵەوە هاتوون یا ئەو خێزانانەی پسولەی خۆراکیان لەسەر ماددەی ١٤٠ لەسەر بەردەڕەش حسابن و لەبودجەی قەزاکەشدا هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت**

### خەڵکی بەردەڕەش ئومێدیان بەکابینەی نوێ زۆرە

لەکۆتایی قسەکانیدا قایمقامی بەردەڕەش وتی: بەردەڕەش شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری، بەداخەوە ئێستا پرۆژەکانی گەشتوگوزار لەناوچەکەماندا بوونی نییە، ئەمە لەکاتێکدا جگە لەشوێنە گەشتیارییەکان خاوەنی چەندین گردی شوێنەوارییشین کە تا ئێستا تەنها پاسەوانی بۆ دانەنراوە، لەوانە گردی رۆڤیاو گوندی گردەپان و چەندین شوێنەواری تر کە دەکرا سوودی لێوەربگیرێت بۆ گەشتیاری، لەلایەکی ترەوە بەردەڕەش خاوەنی زێیەکی گەورەیە بەڵام غەسالەکانی چڵ و لم تێکیانداوە چونکە کەرتی گەشتیاری خۆی نەکردۆتە خاوەنی. سەبارەت بەداواکاری گەنجان قایمقامی بەردەڕەش پشتگیری داواکارییەکانی کردن و گلەیی و رەخنەی لە وەزارەتی رۆشنبیری کرد بەوەی وەکو لەسنوورەکەیاندا چالاکییان کەمە و ئەو سەنتەرەی کە هەشە بودجەو کارمەندیان کەمەو ئیدامەی بیناکەیان ناتوانرێت بکرێت، ئەمە جگە لەوەی یاریگای وەرزشی لەناوچەکەو لەگوندەکان زۆر کەمە. لەگەڵ ئەم هەموو کەموکورییانەش خەڵکی بەردەڕەش ئومێدمان بەکابینەی حەوتەم زۆرە و داواکارییان هەیە بەوەی سەرۆکی نوێی حکومەت جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی سەردانێکی مەیدانی بۆ ناوچەکە بکات و لەنزیکەوە گوێبستی گلەیی و داواکارییەکانی خەڵکی بێت و بودجەیەکی تایبەت بە قەزاکە دابین بکات چونکە بەردەڕەش قەزایەکی نوێیەو کەموکوری زۆرەو پێویستی بە چارەسەرکردنی خێرا هەیە.



**خەڵکی بەردەڕەش ئومێدمان بەکابینەی حەوتەم زۆرەو داواکارییان هەیە بەوەی سەرۆکی نوێی حکومەت سەردانێکی مەیدانی بۆ ناوچەکە بکات**